# لەگوێی کێدا خەوتبوون، کاتێك تورەکەیان بە سەر ئەفسەرەکانی تورکدا کرد؟

کاوە ئەمین

ڕۆژی هەینی (٧/٤) کۆماندۆکانی ئەمریکا هەڵیانکوتایە سەر لانەیەکی جاسوسی تورکیا لە شاری سلێمانی و ١١ ئەفسەری تورکیان پەلبەست کردو و تورکەی سپیان لەسەرکردن. هەواڵەکە وەکو تۆپێک لە ناوەندی زۆرەبەی دام و دەستگا ڕاگەیاندنەکانی جیهانیدا تەقیەوە و بووە سەرنوچەی ئەو ڕۆژەو و تا ئێستاش درێژەی هەیە.

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کە ئۆرگانی یەکیەتیە و ڕەنگە ناوەندەکەی چەند سەد مەترێک لە شوێنی گرتنی تورکەکانەوە دور بێت، نەک ڕۆژی دوایی هەواڵی ڕوداوەکەی بڵاونەکردەوە بەڵکو لە جیاتی ئەوە هەواڵی ئەوەیان ڕاگەیاند کە" تورکیا لەسەر داوای لایەنە کوردیەکان لە ناوچەکەدا سێ نوێنەرایەتی دیبلۆماسی لە شارەکانی موسڵ و هەولێر و کەرکووک دەکاتەوە". (کوردستانی نوێ ٢٠٠٣/٦/٥ لاپەڕە سێ).

باشە وا گریمان وتمان کوردستانی نوێ فریانەکەوتوون یانیش بە ڕوداوەکەیان نەزانیوە، کەچی دوو ڕۆژ دوای ئەوە واتە ٧/٦ لە زمانی ڕۆژنامەکانی تورکیاوە دەنووسێت: هێزەکانی ئەمریکا ١١ ئەفسەر و دەرەجەداری تورکیایان دەستگیرکردووە و دەڵێن بە نیازبوون پارێزگاری کەرکووک تیرۆربکەن. دەستەخوشکەکەی کوردستانی نوێ واتە خەبات لە هەولێر هەمان ڕێچکەی سلێمانی دەگرێت و لە ڕادوێی سەوا و ڕۆیتەرەوە هەواڵەکە وەردەگرێت و زەحمەت نادەنە بەرخۆیان سەردانێکی سلێمانی بکەن و ڕیپۆرتاژێک لەسەر ڕوداوەکە بڵاوبکەنەوە. حکومەتەکانی کوردستان و دەسەڵاتدران و پارتە سیاسیەکانیش گوێی خۆیان ئاخنیووە و بە وشیەکیش نەهاتنە جواب و ئەو تاوانەیان مەحکووم نەکرد. ئەگەر کردەویەکی وا لە وڵاتێک کە مافی مرۆڤ و هاوڵاتی بوون و سەروەرێتی خاک و کەرامەتی نەتەواویەتی ڕەواجیان هەبووایە ئەوا بە دڵنیاییەوە هەم سەفارەتخانەکانیان قفڵ دەدا، هەم بەرانبەر ئەو تاوانە بێدەنگ نەدەبوون. ئا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتێکی کەمتەرخەم بەرانبەر ئەوی تر و بەزەبرو زەنگ بەرانبەر هاوڵاتیانی خۆیەتی. ئایا ئاسایشی سلێمانی کە دەستگایەکە گوایە بۆ ئاسایشی هاووڵاتیان دامەزراوە خەریکی چین و زانیاری لەسەر کێ کۆدەکەنەوە؟ ئایا ئەو هەموو سەربازو هەفسەرەی تورک بۆ هاتوونەتە سلێمانی و کاری کۆماندۆی تورک لە سلێمانی چییە؟ ئەگەر ئەوان نەتوانن باندێکی تیرۆرسیتی

لە پەنای ماڵەکانی خۆیاندا ئاشکرا بکەن، ئەوا بەڕاستی ئەو ماستە بێ موو نیە و، دەبێت بەرپرسی ئاسیش دەست لەکار بکێشێتەوە.

کوردستانی نوێ لە بەرانبەر وتارێکی هاوڵاتیدا لە ماوەی دە ڕۆژدا، چوار سەروتار و زیاتر لە بیست وتاری بە زنجیرە بڵاوکردەوە و تەنانەت ویستبوویان بچنە بنج و بناوانی کارە شەخسیەکانی کارمەندانی هاوڵاتی، بەڵام لەبەردەم ڕوداوێکی وا لە شارەکەیاندا نەک سەروتار بەڵکو وێنەیەکی ئەو لانەی جاسووسیەی تورکانیان بڵاونەکردەوە. بەڕاست دەبێت نهێنی ئەم سرە لەچیدا بێت، وا ئەو پەیوەندیە توندوتۆڵەی دەسەڵاتدارانی تورکیا و دەسەڵاتدارانی کورد ڕێگا نادات ڕۆژنامەیەک بچێت بەدواچوونێک بکات لەسەر ڕوداوێکی وا گرنگ؟

ڕۆژنامەکانی باشوور هێندە گرێدراوی دەسەڵات و دەستەمۆی بەرپرسیارانن، کە تەنانەت ناتوانن لاسایی ڕۆژنامەکانی هاوپەیمانەکانیشیان بکەنەوە لە تورکیا.

تۆ بڵێی ڕۆژێک بێت ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسی لە وڵاتی ئێمەدا لە سەر بنەمای چاودێری هاوڵاتیانی کوردستان و گەران بەدوای ڕاستی و لێپرسیەوە لە دەسەڵاتدارن، لە دایک ببێت و ببێنە سەرچاوە بۆ

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

گەیاندنی ڕاستەیەکان و هەواڵەکانی ناوخۆی وڵات بۆ بیانیەکان. چونکە بەڕاستی دەبوو ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی جیهانی هەواڵەکە لە ڕۆژنامەیەکی کوردستان وەربگرن نەک بە پێچەوانەوە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org